هەرکەسێک سوێندێک بە درۆوە بخوات بۆ زەوتکردنی سامانی مسوڵمانێک؛ ئەوا بە خوای گەورە دەگات وئەو زاتە لێی تووڕەیە

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سوێندێک بە درۆوە بخوات بۆ زەوتکردنی سامانی مسوڵمانێک؛ ئەوا بە خوای گەورە دەگات وئەو زاتە لێی تووڕەیە». گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: ئەشعەسی کوڕی قەیس ووتی: «واللە ئەوە لەبارەی منەوە بوو، هاوبەش بووم لەگەڵ پیاوێکی جولەکە لە زەویەکدا، ونکۆڵی کرد لەوەی من هاوبەش وخاوەندار بم لەو زەویەدا، بۆیە بردم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «ئایا بەڵگەت لەلایە؟»، ووتم: نەخێر، بە جولەکەکەی فەرموو: «سوێند بخۆ»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، سوێند دەخوات وسامانەکەم دەبات. بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [آل عمران:77] واتە: ﴿بێگومان ئەوانەی دەیفرۆشن پەیمانی خوا و سوێندەکانی خۆیان بە نرخێکی کەم ئەوانە بێ بەشن (لە بەهرەی خوا) لە ڕۆژی دواییدا وە خوا قسەیان لەگەڵ ناکات وە تەماشاشیان ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا و لە گوناهیان خۆش نابێت وپاکیان ناکاتەوە، وە بۆ ئەوان هەیە سزای بە ئێش و ئازار﴾.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە سوێند خواردنێك بە خوای گەورە لەکاتێکدا سوێندخۆر دەزانێت درۆ دەکات لە سوێندەکەیدا، بۆئەوەی بەم سوێند خواردنە پارە وسامانی کەسێکی تر بۆ خۆی زەوت بکات، کاتێك ئەم کەسە دەگاتە لای خوای گەورە؛ پەروەردگاری لێی تووڕەیە، ئەشعەسی کوڕی قەیس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی فەرموو لەکاتێکدا لە نێوان ئەو (ئەشعەس) وپیاوێکی جولەکە ناکۆکی هەبوو سەبارەت بە خاوەندارێتی زەویەك، ئەوانیش بڕیاردانیان برد بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، بە ئەشعەسی فەرموو: دەبێت بەڵگە بهێنیتەوە سەبارەت بە خاوەندارێتی ئەو شتەی بانگەشەی بۆ دەکەیت، ئەگەر نەتتوانی؛ مولکی تۆ نییە وئەوەی بانگەشەی لەسەر کراوە دەبێت سوێند بخوات، ئەشعەس ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەم پیاوە جولەکەیە سوێند دەخوات وگوێی پێنادات وسامانەکەم دەبات، بۆیە خوای گەورە جەختی کردەوە لەسەر ئەم وتانەی لە قورئاندا؛ کاتێك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ:بێگومان ئەوانەی دەیفرۆشن﴾؛ هەروەها بە مانای گۆڕینیش دێت، ﴿بِعَهْدِ اللَّهِ:پەیمانی خوا﴾؛ و وەسیەتی بۆ ئیمانداران بەوەی وەفادار بن بەرامبەر سپاردەکان، ﴿وَأَيْمَانِهِمْ:سوێندەکانی خۆیان﴾؛ کاتێك سوێند بەناوی خوا دەخۆن بە درۆوە، ﴿ثَمَنًا قَلِيلًا: بە نرخێکی کەم﴾؛ لە شتومەکی دونیا، ﴿أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ:ئەوانە بێ بەشن (لە بەهرەی خوا)﴾؛ وبێبەش دەکرێن لە بەخشینەکانی پەروەردگار، ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ:وە خوا قسەیان لەگەڵ ناکات﴾؛ بە قسەیەك کە پێیان خۆش بێت وسوودی هەبێت بۆیان، ﴿وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: وە تەماشاشیان ناکات﴾؛ ڕوانینی ڕەحمەت وچاکەکاری، ﴿وَلَا يُزَكِّيهِمْ:و لە گوناهیان خۆش نابێت وپاکیان ناکاتەوە﴾؛ ستایشیان ناکات بە چاکە، ولە پیسی وچڵکی گوناهەکان خاوێن نابنەوە، ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ:وە بۆ ئەوان هەیە سزای بە ئێش و ئازار﴾؛ زۆر بە ئێشە ئەم سزایە بەهۆی ئەوەی ئەنجامیاندا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2980